# ڕەخنە یا دوژمنی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ... هەڵۆ جانانی

helojanany@yahoo.com

حیزبێك كە لەسەر بناخەی كۆمەڵەی ژیانەوەی كورد (ژ ـ ك) دانرابێو دامەزرێنەرەكەی شەهید پێشەوا قازی محەممەد سەركۆماری كۆماری كوردستان بووبێ و شەهید دوكتور قاسملوو و شەهید دوكتور شەرەفكەندی سكرتێری بووبێ و ڕێبەرایەتیی ئەو حیزبە درێژەی ڕێبازی دوكتور قاسملوو بدەن و زیاتر لە 90% ی خەڵكی ڕۆژهەڵاتی كوردستانی لەگەڵ بێو مێژووی پرلەشانازی 60 ساڵ خەباتی بووبێو هەزاران شەهیدی لەپێناو ڕزگاری كوردستان دابێ، هەتاهەتایە دەمێنێو واز لە خەبات بۆ ڕزگاری كورد و كوردستان ناهێنێ و هەتا كوردێك بمێنێ حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران هەر دەمێنێ

كاتێك چاو بە ماڵپەرە كوردییەكان دەخشێنین بە تایبەت ئارشیوەكانیان، دەبینین كە لە زۆربەی ماڵپەرە كوردییەكان بە تایبەت دیمانە و كوردستان نێت، وتارو بابەتی جۆراوجۆر لەسەر حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران نووسراوەو دەنووسرێ. سەرهەڵدانی ئەم جۆرە نووسینانە لە سەر حیزبی دێموكرات مێژوویەكی كۆنە نیە، بەڵكوو لە سەردەمی كۆنفرانسەكانی كادرو پێشمەرگەكانی حیزب بۆ هەڵبژاردنی نوێنەر بۆ كۆنگرەی 13ی حیزبی دێموكرات دەستی پێكرد. ناوی نووسەری ئەم بابەتانە نادیارەو بە ناوی نهێنی بابەتەكانیان بڵاو دەكەنەوە كە بڕێك لەو ناوانە بریتین لە حەمەگاوان، پێشمەرگەیەك، ڕێبوار و . . . هتد! ئەم نووسەرانە هەر كەسێك بێو لە هەركوێ بن خەیانەتكارن و خەیانەت بە كوردو كوردستان و خوێنی شەهیدان دەكەن. ئەم نووسراوانە لە چەن بەش پێك دێن. بەشێك لەو كەسانە بەكرێگیراوی كۆماری ئیسلامی ئێرانن كە بە نووسینی ئەم جۆرە بابەتانە دەیانەوێ وا نیشان بدەن كە حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران لە دوای كۆنگرەی 13وە شێواوەو روو لە نەمان دەچێ! تا لاوە شۆڕشگێڕەكانی كوردستان چیدیكە نەچنە ناو ریزی خەباتگێڕانی حیزب. ئەم خەیاڵەش خەیاڵێكی خاوەو حیزب نە تەنیا لەدوای كۆنگرەی 13وە روو لە نەمان ناچێ بەڵكوو ریزەكانی حیزب رۆژبەرۆژ یەكگرتووترو پتەوتر دەبێ. حیزبێك كە لەسەر بناخەی كۆمەڵەی ژیانەوەی كورد (ژ ـ ك) دانرابێو دامەزرێنەرەكەی شەهید پێشەوا قازی محەممەد سەركۆماری كۆماری كوردستان بووبێ و شەهید دوكتور قاسملوو و شەهید دوكتور شەرەفكەندی سكرتێری بووبێ و ڕێبەرایەتیی ئەو حیزبە درێژەی ڕێبازی دوكتور قاسملوو بدەن و زیاتر لە 90% ی خەڵكی ڕۆژهەڵاتی كوردستانی لەگەڵ بێو مێژووی پرلەشانازی 60 ساڵ خەباتی بووبێو هەزاران شەهیدی لەپێناو ڕزگاری كوردستان دابێ، هەتاهەتایە دەمێنێو واز لە خەبات بۆ ڕزگاری كورد و كوردستان ناهێنێ و هەتا كوردێك بمێنێ حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران هەر دەمێنێ. بەشێكی دیكە لەو نووسەرانە لەرووی نەفامیو ساویلكە بوونیان بڕێك بابەت لەسەر حیزب و ڕێبەران و كادرو پێشمەرگەكانیان دەنووسن كە نوسەرەكانیان زیاتر لەو نووسەرانەی دیكە نادیارن. لە چۆنیەتی نووسینیان دا وا نیشان دەدەن كە ئەندامی حیزبی دێموكراتن و سەر بە جەناحێكی تایبەتن كە زۆربەی نێوەرۆكی ئەم بابەتانە وا نیشا دەدەن كە لە

جەناحی ئەقەلیەتی حیزبن و دوو سێ بابەتیش نێوەرۆکەکەیان وا نیشان دەدا کە لە جەناحی ئەکسەریەتە. بەڵام لە هەر دوو جەناح کەسێك نیە کە بە دژی ئەو جەناحەی دیکە بابەت بنووسێ یا تیرۆری شەخسییەت بکا. بێشك ئەگەر کەسێکیش ببێ لە رووی نەفامی و لەرووی بێ مێشکییەوە ئەو بابەتانەی نووسیوە. لە حیزبی دێموکرات دا هەرکەس رەخنە یا قسەیەکی ببێ لەسەر کەسێك یا لەسەر مەسەلەیەکی سیاسی یا خود هەر بابەتێکی دیکە دەتوانێ لەناو حیزب دا کۆبوونەوە پێك بێنێ و رێبەرایەتی و کادرو پێشمەرگەو بنەماڵەکانی حیزبیش وەکوو هەموو کۆبوونەوە گشتییەکانی دیکەی حیزب تێیدا بەشدار دەبن و گوێبیستی وتەکانی دەبن و هەر کەسێکیش دەتوانێ رەخنەو پێشنیارەکان بە ئازادی و بوێرانە ئاراستەی بەرانبەرەکەی یا حیزب بکاو وڵامیشی دەدرێتەوە. کەوابوو ئەندامی حیزب هیچ پێویستییەکی بەوە نیە کە قسەکانی خۆی لەسەر ماڵپەرەکان بڵاو کاتەوەو دوژمن بە حیزبەکەی و نەتەوەکەی خۆش بکاو ئەگەر کەسێکیش وای کردبێ ناڕاستەوخۆ یارمەتیدەری کۆماری ئیسلامییە. چونکی کۆماری ئیسلامی بە هەموو شێوەیەك بە دژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەجووڵێتەوەو هەر هەلێکی بۆ هەڵکەوێ کەڵکی خۆی لی وەردەگرێ. لە حیزبی دێموکراتیش بە کوێری چاوی نەیاران و دوژمنانی حیزبی دێموکرات، لە سەر بەرژەوەندی حیزب و کورد و کوردستان هەموو یەکگرتوون و یەك جەناحن کە ئەویش جەناحی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە.

بەشێکی دیکە لەو کەسانە کە ئەو جۆرە بابەتانە دەنووسن لایەنگران و دۆستانی هەردوو کۆمەڵەن. زۆربەی بابەتەکان لەسەر بەرەی کوردستانییە کە حیزبی دێموکراتیش لەسەر بەرەی کوردستانی هەڵوێستی خۆی گرتوە. هیچ رێکخراوێکی کوردستانی لەگەڵ ئەویتر جگە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هاتوچۆ و پێوەندییان نیەو تەنیا حیزبی دێموکراتە کە لەگەڵ هەموویان هاتوچۆ و پێوەندیی هەیە. ئەوان باشتر وایە لە پێش دا یەکتر تەحەمول بکەن، دوایی باسی بەرە بێننە گۆڕێ.

لە پەنای ئەو نووسینانە لەسەر ماڵپەرێکی وەك ماڵپەری "بازتاب" کە هی مۆحسین رەزاییە، بە دژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بابەت دەنووسێو هەر لەو ماڵپەرەش دا باس لە رێکخراوی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان "پژاك" دەکا و دەیهەوێ پژاك زەق کاتەوە. وەك هەموان ئاگادارن پژاك شاخەیەکی پارتی کرێکارانی کوردستان "PKK"یە کە بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان دەستنیشان کراوە کە هەر سیاسەتەکانی PKKیان گرتۆتە بەر. نێوەرۆکی پژاك بۆ خەڵکی کوردستان روون بۆتەوەو هەموو کەس دەزانێ کە کۆماری ئیسلامی یارمەتیدەری پژاکە! ئەگەر وانیە بۆ کاتێك پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکرات دەچێتەوە بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان، هەموو هێزەکانی ئێران لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا دەکەوێتە جووڵەو سەر سنوورەکان دەگرن و خۆفرۆش و بەکرێگیراوەکان ئاگادار دەکاتەوەو هەموو شوێنەکانی کوردستان زیاتر لە جاران دەخاتە ژێر چاوەدێری تا نەهێڵن پێشمەرگەی حیزب ئەرکەکانی بەجێ بگەیەنێ یا نەهێڵێ سنووری دەسکرد بەزێنێ و بێتە رۆژهەڵاتی کوردستان کە نیشتمانیەتی بەڵام پژاك لە ناوچەی دزەی دۆڵ سەر بە ناوچەی ورمێدا بنکەی هەیەو بە ئازادی لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا دەگەڕێ کە ئەمە جێگای پرسیارەو هەموان وڵامەکەشی دەزانین؟!
هەموو ئەو بابەتانەی کە لەسەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەنووسرێ نیشانەی گەورەیی و گرنگ بوونی ئەو حیزبەیە. نێوەرۆك و سیاسەتی حیزبی دێموکرات بۆ هەموو

کوردستان و ئێران و جیهانیش روون و ئاشکرایە و ئەگەر بەجێی دەیان بابەت، سەدان هەزار بابەت لە سەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بنووسرێ، قسەی راست و روون لەگەڵ قسەی درۆو ناڕەوا بۆ هەموان ئاشکرایە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە رۆژهەڵاتی کوردستان سەرەکیترین حیزبەو بۆ رزگاری نەتەوەکانی ئێران و بۆ دوارۆژی رۆژهەڵاتی کوردستان گرنگییەکی تایبەتی هەیە و درووستبوونی سیاسەت و رەوشی ئەو حیزبە بۆتە هۆی ئەوەیکە رێکخراوی نەتەوە بێنوێنەرەکان کە سەر بە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە، رێکخراوی ئەنتێرناسیۆناڵ سوسیالیست و یەکیەتیی ئورووپاو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکاو. . . هتد، بایەخێکی تایبەتی پێ بدەن کە راست بوونی ئەم قسەیە لە دوارۆژێکی نزیك دا روون دەبێتەوە. بانگهێشتن کردنی دوکتور مورتەزا ئەسفەندیاری نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وەك نوێنەری کوردەکانی ئێران بۆ کۆنفرانسێك لەژێرناوی "ئێرانی نەناسراو نموونەیەکی تری فیدرالیزم"، کە لە ناوەندی ئەمریکن ئینترپرایز ئەنستیتۆ کە لە واشنگتۆن پێتەختی ئامریکا بەڕێوە چوو بەڵگەیەکی روون و ئاشکرایە لە سەدان بەڵگە.

* هەڵۆ جانانی: ئەم بابەتە بیروبۆچوونی خۆمەو بۆ هێرش کردنەسەر هیچ لایەنێك یا رێکخراوێك نەنووسراوە!